# د. ئیدریس ڕەمەزان: پرۆژەی بانکیی هەژماری من سەرەتایەکی گرنگە بۆ متمانەی بانکی لە کوردستان

THU, 2 MAR 2023 18:22 | **KDP.info**



هەولێر –KDP.info- پسپۆڕێکی دارایی و بانك لەسەر پرۆژەی ئەژماری بانکیی (ئەژماری من) دەڵێ، بنیاتنانی ئەم سێکتەرە لە کوردستان هەنگاوێکی زۆر گرنگە بۆ ئاشناکردن و ڕاهێنانی خەڵك لەسەر سیستەمی بانکیی نوێ و سێکتەری ئەلکترۆنیی نەختینە لە لایەك و لە لایەکی تریشەوە لۆد و زەحتی نەمانی نەختینەیی لەسەر بانکەکان زۆر کەم دەکاتەوە و دواجار لە فراوانبوونی ئەم سیستەمەدا خەڵك ناچار نابێ بۆ پارەگواستنەوە پەنا بۆ نووسینگەکانی دراو و شوێنی لاوەکی ببات.

پ. ی. د. ئیدریس ڕەمەزان، پسپۆڕی دارایی و بانك و مامۆستای کۆلێجی کارگێڕی و داراییی زانکۆی سەلاحەددین، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕایگەیاند: بە نیسبەت پرسی کردنەوەی پرۆژەی بانکیی (ئەژماری من) یان ئەو ژمارە بانکییەی کە لەلایەن سەرۆکی حکوومەتەوە قسەی لەسەر کرا، ئەمە لەم کات و ساتەدا گرنگی تایبەتیی خۆی دەبێت بۆ فەرمانبەر و تاك و پیشەوەران و بە شێوەیەکی گشتی بۆ خەڵك و لە ڕووی ئەوەی کە زانیاری و تێگەیشتنی خەڵکی فراوان بکات لەسەر پرسی نەختینە و بانك و ئەژماری بانکی بە شێوەیەکی سەردەمیانە، چونکە خەڵکی ئێمە تا ئێستا هەر ئاشنایە بە کاش و ڕاکێشانی پارە چ بۆ مووچە بێت، یان هەر جۆرە ئیلتزامێکی تر بێت، بەڵام کردنەوەی ئەم جۆرە لە ئەژماری بانکی متمانە دەگێڕێتەوە بۆ بانکەکانی ئێمە و وا دەکات کە بانکەنمان نەختینە و ڕەسیدی تیا نەمێنێت و ئەمەش سیقە و متمانە بە بازرگان و پیشەوەر و فەرمانبەر و خەڵك بە شێوەی گشتی دەدات،

هەروەها ئەژماری لەم شێوەیە ئاسانکاریی بەرچاو بۆ هاووڵاتییان دەکات تەنانەت لە گەشتەکانیاندا بۆ دەرەوەی وڵاتیش بەکاری بێنن لە داهاتوودا لە ڕێگەی کڕین و فرۆشتن و حاڵەتی تر، هەروەها ئەم فشارە زۆرەی تاك و فەمانبەران لەسەر بانك بە شێوەی کاش کەم دەبێتەوە، ئەمە سەرەتایەکی باشە بۆ دەستپێکی ئەو مۆدێلەی کە هەرکەس بە ئەندازەی خۆی پارە لە بانك ڕادەکێشێت و لە لایەکی تریشەوە ئەو کەسە لەناو بانکدا بەهۆی هەبوونی ئەژمار و خزمەتگوزارییە بانکییەکان دەبێتە خاوەنی ئیعتبار و ڕەسیدی خۆی، جێگەی دەستخۆشییە کە حکوومەت دەستی بەم پرۆسەیە کردووە و کۆمەڵێك قەیرانی سیوولەیی و بانکی لە کۆڵ کوردستان دەکاتەوە کە ساڵانێکە بەرۆکی گرتووین و خەڵکیش ڕادێنێ لەسەر سیستەمی نوێی بانکی و هەم پاڵەپەستۆ لەسەر بانك و نەختینەیی کەم دەبێتەوە.

دکتۆر ئیدریس هەروەها گوتی: ئەم جۆرە ئەژمارانە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی پاڵەپەستۆی نەختینەیی و لۆدی پارەڕاکێشانی نەختینەیی لەسەر بانکەکان کەم دەکاتەوە و بانکەکان بە متمانەیەکی زیاترەوە دەتوانن کارەکانیان بکەن و خزمەتگوزاریی زیاتر بە هاووڵاتییان بکەن، لەبەر ئەوەی بانك ڕۆڵێکی زۆری هەیە لە پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی سیستەمی دەوڵەت و کۆمەڵگە و شەفافیەتی زیاتر دەخولقێنێ و جێگیری ئابووری لێ دەکەوێتەوە و هۆکارێکی گرنگە لە ڕووی پەرەپێدانی ئابووری، چونکە هەموو سێکتەرەکان پەیوەندییان بە سێکتەری نەختینەوە هەیە، ئەم سێکتەرە هەچی زیاتر شەفافیەت بنوێنێت کۆمەڵگە و دەوڵەت و تاك سوودی زیاتری لێ دەبینێت و تەنانەت ڕێگر دەبێ لە سپیکردنەوەی پارە بە قاچاخ بۆ دەرەوەی وڵات و هۆکارێکی زۆر گرنگە بۆ متمانەی ئابووری و خەڵك لە ڕێگەی بانکەکانەوە ئاڵوگۆڕی دراو دەکات، نەك پەنابردن بۆ نووسینگەکانی حەواڵە و ڕێوشوێنی لاوەکی.

سەلاح جەلال